# سستمی پەروەردەیی و هۆکارەکانی ناردنی منداڵ بۆ قوتابخانەی ناحکومیی (توێژینەوەیەکی شیکارییە)

**ID No. 698**

(PP 33 - 49)

**https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpA.3**

**شهلاء ولی جبار**

بەشی کۆمەڵناسی،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

shahlaa.jabbar@su.edu

**بژار زیاد صالح**

بەشی کۆمەڵناسی،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

Bzhar.salih@su.edu.krd

**وەگـــــرتن:2022/10/19**

**پەسندکردن: 2023/01/09**

**بڵاوکردنەوە:2023/10/15**

**پوختە**

پەروەردە و فێرکردن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و  ئابووری هەر کۆمەڵگەیەک. گرنگی پەروەردە و فێرکردن لەسەر ئاستی جیهان دانی پێدانراوە, پڕۆسەیەکە وا لە تاک دەکات متمانەی بەخۆی بێت و هۆشیار و چالاک بێت، پڕۆسەیەک تواناکانی تاک باش و  ئابووری چاکتر دەکات، ئەویش لەمیانەی مەعریفە و بەهرەکانییەوە. قوتابخانەی ناحکومی بووە بە دیاردەیەکی ئاشکرا لە هەرێمی کوردستان و ساڵانە ژمارەیان لەزیادبووندایە، لەگەڵ ئەوەی خوێندنی حکومیی بێ بەرامبەرە، بەڵام خەڵکی متمانەیان بە خوێندنی ناحکومییە تا خوێندنی حکومیی. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت سستمی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان و هەندێک لەو هۆکارانەش ڕوون بکرێنەوە کەوایکردووە باوان منداڵی خۆیان بخەنە بەر خوێندنی ناحکومیی. میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا شیکارییە بۆ کۆمەڵێک ئامار و دایەگرامی پەیوەست بە سستمی پەروەردەیی و قوتابخانە ناحکومیی و حکومییەکان. لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە: لەماوەیەکی زۆر کەمدا ژمارەی ئەو جۆرە قوتابخانانە زۆر زیادی کردووە، لەو چەند دەیەیەدا بووە بە واقیعێکی کاریگەر و خەریکە خێزانێک نەبینییەوە لەم هەرێمەدا کە منداڵی لە قوتابخانەی ناحکومیدا نەبێت. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەربڵاوی ئەو شێوازە خوێندنە تایبەتە بە پلەی یەکەم بۆ خراپی و لاوازی سستمی پەروەردەی حکومیی، بەجۆرێک ئەوە سێ دەیەیە حکومەت نەیتوانییوە سستمێکی پەروەردەی حکومیی چاک دامەزرێنێت کە لەو ڕێگەیەوە خوێندنی قوتابخانەی ناحکومیی بکردبا بە حەز و حاڵەتێکی دەگمەن، نەک وەکو ئێستا کە بووە بە بڕیارێکی ناچاری و خەڵکی ئەگەر نەتوانن خەرجییەکانی دابین بکەن و ناچارین قەرت و قۆڵەی بۆ بکەن تەنها بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لە خوێندنی ناحکومیی بخوێنن. قوتابخانەی ناحکومیی و دابین کردنی خزمەتگوزارییەکانی شێوازێکی بازرگانییانەی وەرگرتووە. هۆکارەکانی هەڵبژاردنی قوتابخانەی ناحکومی لەروانگەی باوانەوە جۆراو جۆرن، تەنیا یەك هۆكار نیین، لەوانە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری.

**وشە سەرەکییەکان**: پەروەردە، سستمی پەردەوردەیی، قوتابخانەی حکومی، قوتابخانەی ناحکومیی.

## 1- پێشەکی:

دوور لە چۆنیەتی گەشەسەندن و سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی قوتابخانە لە کۆمەڵگەکاندا، ئاماژە بەوە دەکرێت کە تێڕوانینی دەوڵەت و خەڵک بۆ قوتابخانە حکومیی و ناحکومییەکان جێگیر نەبووە و جیاوازە، لە کاتێکدا وڵاتان هەوڵیانداوە گرنگی بە قوتابخانە حکومییەکان بدەن و کۆنترۆڵیان بەسەریاندا توندتر بکەنەوە هەروەها وەک ئامرازێک بۆ درێژکردنەوەی کاریگەرییەکانی خۆیان بەکاریانبهێنن و بۆ نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی و گەیشتن بە بنەمای دیموکراسی لە پەروەردەدا سوودیان لێ ببینن، تێبینی دەکرێت وڵاتانی دیکە، بەجۆرێکی دیکە دەڕوانن، بەوپێیەی دەکرێت قوتابخانە ناحکومییەکان هەبن و سوودیان لێببینرێت بۆ بەرەوپێشبردنی پەروەردە و فێرکردن، بەمەرجێک لەژێر چاودێری دەوڵەتدابن و خزمەتگوزارییەکی زۆر باش پێشکەشی قوتابیان بکەن. لە هەرێمی کوردستان سستمی پەروەردەیی دوو شێوازی هەیە خوێندنی حکومیی و ناحکومیی، کە خوێندنی حکومی تێچوون و خەرجییەکانی زۆر کەمترن بەراورد بە خوێندنی ناحکومیی. خوێندنی ناحکومیی لە هەموو ئاستەکاندا بەدیدەکرێت لە داینگەوە دەستپێدەکات تا کو پەیمانگەو  زانکۆ تەنانەت خوێندنی باڵاشی گرتووەتەوە. لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو تەنها دوو قوتابخانەی ناحکومیی لە هەرێمی کوردستان هەبوون کە ئەوانیش دەکەوتنە شاری هەولێرەوە، ئێستا لە ساڵی 2022 ژمارەی

قوتابخانەی ناحکومیی لە هەرێمی کوردستان گەیشتووە بە 483 قوتابخانە، بەمشێوەیەبێت خواست لەسەر قوتابخانە ناحکومییەکان ساڵ لەدوای ساڵ ڕووەو زیادبوونە و هۆکارەکانی ناردنی منداڵ لەلایەن باوانەوە بۆ ئەو قوتابخانانە فرە و جۆراو جۆرن.

پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەو پرسیارە گشتییەوە دێت کە ئاخۆ سستمی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان چۆنە لەڕووی مێژوویی و جۆرەکانییەوە، هەروەها هۆکارەکانی ناردنی منداڵ بۆ ئەو جۆرە قوتابخانانە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**1-1 گرنگی ئەم توێژینەوەی لەوەدایە کە:**

**١-** لەرووی تیۆرییەوە، ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی هەیە بەوپێیە ئێستا بابەتی قوتابخانەی ناحکومیی بووە بە دیاردەیەکی دیاری کۆمەڵگای کوردستانی و بەردەوام لە گەشەسەندندایە، بۆیە دەکرێت ئەم توێژینەوەی هاوکاربێت بۆ بەرجاوڕوونیدان بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە روئیایان بۆ خوێندنی ناحکومیی، هەروەها بتوانن کوالیتی خوێندنی حکومیی بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت هاوسەنگییەکە ڕابگیرێت لەنیوانیاندا.

٢- لەرووی پراکتیکییەوە، ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو ئامارانە دەکات کە لەبارەی ژمارەی قوتابخانەی ناحکومیی و چۆنییەتی و چەندێتیان بەرامبەر بە قوتابخانەی حکومیی هەروەها تیشکخستنە سەر هەندێک لەو هۆکارانەی ڕۆڵیان هەیە لە بەدیاردەبوونی بابەتی خوێندنی ناحکومیی لە هەرێمی کوردستان.

**2-1 ئامانجی ئەم توێژینەوەیە:**

١- خستنە ڕووی ئاماری پەیوەست بە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لە هەرێی کوردستان و شیکردنەوەیان و دەستنیشانکردنی چۆنیەتی و چەندێتی زیادبوونیان.

٢- شیکردنەوەی جۆرەکانی سستمی خوێندن و مێژووی ئەو شێوازانەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان لەگەڵیشیدا، دەرخستنی هەندێک لەو هۆکارانەی وادەکەن باوان منداڵەکانیان بخەنە بەرخوێندنی ناحکومیی.

**2- کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان**

**1-2: مێژووی پەروەردە و فێرکردنی حکومیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق:**

حوکمی داگیرکاری یەک بەدوای یەکی عێراق بە کوردستانیشەوە رەوشی پەروەردەی لە ناوچەکەدا ناجێگیر کردبوو و هەر دەسەڵاتە و بەپێی ئامانج و مەرامی تایبەتی خۆی پرۆگرامەکانی خوێندنی لە عێراقدا بەڕێوە بردووە.

کورد بە درێژایی مێژووو لە باردۆخێکی سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتی شپرزە و ناسروشتی بەسەر بردوە ئەم باردۆخەش کاریگەرییکەی زۆری کردۆتە سەر رەوتی پێش کەوتنی و خوێندەواری نەتەوەی کورد، چونکە بەردەوام لەململانێیەکی زۆر ژیاوە لەناوچەکە و بێگومان گەر ئەوەی باسکرا هۆکاری دەرەکی بێت و لەگەڵ ئەوەش هۆکارە ناوەکیەکانی وەکو سیستەمی دەرەبەگایەتی و خێلایەتی کاریگەری زۆر لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن هەبووە لەمێژووی کۆنی کوردا (عبدالله، 2009: 75).

پرۆسەی خوێندن وفێرکردن لە کوردستان لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیەکان زۆر فەرامۆشکرابوو تەنانەت، دەوڵەتی عوسمانی تاکۆتاییەکانی گرنگی ئەوتۆی بە خوێندن نەدەدا و بە ئەرکی خۆی نەدەزانی، بەڵکو ئەوەی کە هەبوو تەنها هەندێ هەوڵی تاکەکەسی بووە بۆ گرنگیدان بە کردنەوەی قوتابخانە و دامودەزگای پەروەردەیی. (احمد،1992: 33). سەبارەت بەکردنەوەی یەکەم قوتابخانەی فەرمی لە مێژووی کۆنی شاری هەولێر بەپێی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1827) بەناوی (روشدیەی ناوەندی) کە دواتر ناوی گۆڕا بۆ (ئەربیل ئولا) لەکاتی ئێستاشدا ئەو قوتابخانەیە کراوە بە مۆزەخانە (صديق، 2019: 16). بەڵام بۆچونێکی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات مێژووی دروستبونی دەگەڕێتەوە بۆساڵی (1920) (ئاغۆك، 2021: 12-13). ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا، کەرتی پەروەردە و فێرکردن گرنگی ئەو تۆی پێ نەدەدرا، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆریش فەرامۆش کرابوو، ئەوەش بەهۆکاری سیاسی، بەوپێیەی ئەم ناواجانە کوردنشین بوون.

پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان مێژووێکی سی ساڵەی هەیە، ئەم مێژووە بە مێژووی پەروەردە و فێرکردن لە عێراقەوە پەیوەستە. بەڵآم لەدوای ڕاپەڕین ساڵی 1991 و پێکهێنانی حکومتی کوردی لە ساڵی 1992 ئیتر کەرتی پەروەردەش وەک

کەرتەکانی دیکە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەپێی پەیڕە و پرۆگرامی خۆی بەڕێوەی دەبرد. ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕاردوو بۆ سەرجەم لایەنەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستان سەخت و دژواربوو، ئەو کاتە هەرێمی کوردستان لەژێر قورسایی دوو گەمارۆیا ئابووریدابوو یەکێکیان کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە خرابووە سەری ئەوەی دیکەشیان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە بەسەر هەمووو عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، دانرابوو. لە نێوان ساڵانی (1998-1994) شەڕی براکوژی لە هەرێمی کوردستاندا هەبوو، وایکرد دوو ئیدارەیی سەرهەڵبدات، بەجۆرێک دوو وەزارەتی پەروەردە بوونیان هەبوو یەکیان لە هەولێر بوو ئەوەی دیکە لە سلێمانی. ئەم دۆخە کاریگەرییەکای خراپی لەسەر ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن دروست کردبوو.

لەسەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵدراوە گرنگی بە پرۆسەی پەرورده و فێرکردن بدرێت، بۆئەم مەبەستە (5) کۆنگرەی پەروەردەیی ئەنجام دراوە بۆ مەبەستی بەرەوپێشبردنی پەروەردە و فێرکردن بەشێوەیەکی زانستی. ئەو کۆنگرانەی لە سەروبەندی دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەستران بریتیبوون لە: کۆنگرەی یەك ساڵی 1993، گونگرەی دوو ساڵی 1997، کۆنگرەی سێ ساڵی 2001، کۆنگرەی چوار ساڵی 2007، کۆنگرەی پێنج ساڵی 2015 (سعيد، 2020: 23) هەریەك لەو گۆنگرانە چەندین پێشنیاز و راسپاردەیان دیاریکرد بۆ پێشخستنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، بێگومان ئێستاش پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەو و پرۆگرامی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی هێشتا کەموکورتی لەو پرۆگرامانەی خوێندندا هەن، بە پرۆگرامە حکومی و ناحکومییەکانەوە. خوێندنی حکومی بەردەوام بەدەستی کەمی بینا و زۆری ژمارەی قوتابیانەوە گیرۆدەبووە، هەروەها دەستەی وانەبێژانی بەپێی بابەتەکان کەموکورتیان هەبووە. ناوچە دوورە دەستەکان کێشەی پەروەردە و فێرکردنیان زیاترە بەراورد بە ناوەوەی شار. زۆرێک لە قوتابخانەکان شیاونین بۆ ئەوەی وانەیان تێدا بخوێنرێت و مەترسی دارمانیان هەیە، هێشتا چەندین قوتابخانە هەن زیاد لە دوو دەوامی تێدا بەڕیوە دەچێت، کە ئەوەش بەجۆرێک کاریگەری لەسەر کوالیتی پەروەردە و فێرکردن دروست دەکات. بەردەوام وەزارەتی پەروەردە هەوڵیداوە کێشەکانی پەیوەست بەم کەرتە کۆنترۆڵ بکات، بەڵام هیشتا کەموکورتیەکانی کەرتی پەروەردە لە قوتابخانە حکومییەکاندا هەر زۆرن. کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەڕووی دەرەوە و باشبوونی ڕەوشی ئابووری حکومەت و بژێوی خەڵک لەنێوان ساڵانی 2012-2000 سەرجەم کەرتە خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوژانەوە، لەنێویشیاندا کەرتی پەروەردەیی. خەڵکی داوای کوالیتی خوێندنێکی باشیان بۆ منداڵەکانیان دەکرد، فێربوونی زمانی دووەم بوو بەئەولەویەتی خێزانەکان. دابینکردنی خزمەتگوزاری باش لەنێو قوتابخانەکان، ڕەخساندنی دەرفەت بە خێزانەکان بتوانن ڕا و بۆچوونی خۆیان لەسەر هەندێک لایەنەکانی پەیوەست بە پەروەردە و فێرکردن و خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان بدەن. بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری باوان لەلایەک و چاولێکەریان بۆ خەڵکی دیکە لەلایەکی دیکەوە، ئەو کەموکورتییە چارەسەرنەکراوانەی کەرتی پەروەردەی حکومی پێکەوە زەرورەتی هەبوونی قوتابخانەی ناحکومی هێنایە گۆڕێ.

**2-2 مێژووی خوێندنی ناحکومیی لە هەرێمی کوردستان**

مێژووی خوێندنی ناحکومیی لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی دوورو درێژی نییە و ئەزموونی دامەزراوەی پەروەردەی ناحکومیی تەنها چەند دەیەیکە.

دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەمانی حوکمی بەعس، سستمی پەروەردەیی کەوتە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵدرا سستمی پەروەردەیی ببوژێنرێتەوە، ئیتر لە 1992 بەدواوە هەرێمی کوردستان بووە خاوەنی وەزارەتی پەروەردەی تایبەت بەخۆی. سستمێک پەروەردەیی تاڕادەیەک دواکەوتوی گرتە دەست کە بەرهەمی شەڕ و شۆڕەکانی عێراق و ڕاپەڕینی کورد بوو. هێشتا ئەو کەرتە هەڵنەستابووە سەر پێی خۆی و ئەوەندەی نەخایەند شەڕی براکوژی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستی پێکرد، بەوشێوەیە دوو ئیدارە دروست بوو، دوو وەزارەتی پەروەردە و پرۆگرامێکی خوێندنی دوو لەتی هاتەگۆڕێ. ئەو بارودۆخە زیاتر کەرتی پەروەردەیی بەگشتی لە هەرێمی کوردستان بەرەو دواوە برد. ئیتر کەرتی پەروەردە هەروەک کەرتەکانی دیکە دووچاری قەیرانبوویەوە، نەبوونی موچەی مامۆستا و نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی وەک کتێب و خراپی ڕەوشی بینای قوتابخانەکان و شتی دیکەش وایانکرد سستمی پەروەردەیی لە داکشاندابێت، ئەم ڕەوشە وایکرد قوتابخانەی ناحکومیی دابمەزرێت.

لە ساڵی 2000 و سەرو تر و لەدوای روخانی رژێمی بەعس، واتە لەدوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە 2003 وردە وردە ڕەوشەکە بەرەو باشتر چوو، بەجۆرێک داهاتی تاک هەندێک باشتربوو، فەرمانبەران موچەکانیان باشتر بوو، گەڕانەوەی ئەو خەڵکەی بەهۆکاری جیاواز عێراقیان جێهشتبوو یان ڕاگوێزرابوون، ئەوانە گەڕانەوە -و هەندێکیان گەڕێنرانەوە- سەر کارەکانیان، ئیتر خواست لەسەر خوێندنی ناحکومیی رۆژ لەدوای رۆژ زیادیکرد، ئەمەش وای کرد ژمارەی قوتابخانە ناحکومییەکان بەرە و زیادی بڕوات (عبدالله و احمد، 2021: 11). بەجۆرێک کەرتی پەروەردە چووە نێو بابەتە ئابووری و بازرگانییەکانەوە، وایلێهات سەرمایەداران قوتابخانە و زانکۆی ناحکومییان دەکردەوە و سەرمایەگوزارییان پێوەدەکرد بەمەبەستی قازانجی زیاتر.

سەبارەت بە قوتابخانەی ناحکومیی لە هەرێمی کوردستان، ئەوا لە سەروبەندی شەری ناوەخۆ و بۆ یەکەمجار لە شاری هەولێر یەکەم قوتابخانەی ناحکومی دامەزرا لە ساڵی 1994 ئەویش قوتابخانەی ئیشقی نێو دەوڵەتی بوو. ئیشق بە یەکەمین قوتابخانە دادەنرێت کە تیایدا خوێندن بەشێوەیەکی سەرەکی بەزمانی ئینگلیزی بوو، لەگەڵ گرنگیدان بەزمانەکانی دیکەی وەك تورکی و عەرەبی هەروەها یەکەم قوتابخانەی ناحکومی نێوخۆیی کە لە ساڵی 1997 ئەویش هەر لە شاری هەولێر کرایەوە بە ناوی قوتابخانەی باڵا بوو، کە لەم قوتابخانەیەشدا خوێندن بەشێوەیەکی سەرەکی بە زمانی ئینگلیزی بوو (چاوپێکەوتن).1 شایەنی ئاماژەیە دوای دامەزراندنی ئەو قوتابخانانە، ئیتر قوتابخانە ناحکومییەکان بوون بە واقیع و چەندین قوتابخانەی ناحکومی جۆراوجۆر لە هەولێر و شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دامەزران، هەندێکی ئەو قوتابخانانە نێو دەوڵەتین، واتە سستمی خوێندنیان نێو دەوڵەتییە، بەجۆرێک قوتابی دەتوانێت لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش بێت لەو وڵاتەی هەمان سستمی خوێندنیان هەیە، بەردەوامی بە خوێندنەکەی بدات. ئەم قوتابخانانە لەژێر چاودێری وەزارەتی پەروەردەی هەرێمدان. لەبەرامبەردا قوتابخانەی ناحکومی نێو خۆیی هەن، ئەمانە بەپێی سستمی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پەیرەو و پرۆگرامەکانیان جێبەجێ دەکەن، واتە هەمان سستمی خوێندنی قوتابخانەی حکومییان هەیە، بەڵام بە زمانی دیکەی وەک ئینگلیزی دەخوێنن.

سەبارەت بە یاساو رێنماییەکانی پەیوەست بە قوتابخانە ناحکومییەکان، ئەوا لە هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار لە مادەی (18) یاسای ژمارە (4)ی وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی (1992) ئاماژەیداوە بە ڕێگەدان بە کردنەوەی قوتابخانەی ناحکومی، لە دەقی ئەو یاسایەدا هاتووە (فێرگەی ئەهلی یان بیانی یان باخچەی ساوایان دانامەزرێت یان دروست ناکرێت تەنها بە مۆڵەتێکی نووسراو نەبێت، بەپێی ئەو مەرجانەی وەزارەت دەستنیشانی دەکات و، پێویستە لەکاتی نوێکردنەوەی مۆڵەتی فێرگەکەدا ئەو مەرجانە بوونیان هەبێت و رەچاوبکرێن، ئەو مەرجانەش وەزارەتی پەروەردە دەریان دەکات)(پەرلەمانی کوردستان،1992) بەواتای ئەوە لە ڕابردوودا تەنها بەوەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی پەروەردە دەتوانرا قوتابخانەی ناحکومی دابمەزرێت، بەڵام وەکو یاسای تایبەت دواکەوت تاوەکو ساڵی (2012) پەروەردەوە فێرکردن، 2012: 188 ). لەم ڕووەوە یەکەمین پرۆژە یاسای تایبەت بە رێکخستنی کارەکانی قوتابخانە ناحکومییەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2012) کە بەیاسای ژمارە (14) دادەنرێت بەناوی یاسای قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان–عێراق کە لە(36) مادە پێکهاتووە، ئەو یاسایە تاوەکو ئێستا کاری پێدەکرێت(پەرلەمانی کوردستان، 2012) هەر لەو پرۆژە یاسایەدا سەرجەم رێکارەکانی کردنەوەی قوتابخانە و چۆنیەتی سەرپەرشتیکردنی ئەو قوتابخانانەی تێدا روونکراوەتەوە، دواتر چەندین رێنمایی و بەندی دیکە بۆ ئەو یاسایە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە زیادکراوە. لە دوایین هەمواری پرۆژەیاسای تایبەت بە قوتابخانە ناحکومییەکانی وەزارەتی پەروەردەیهەورێمی کوردستان، بڕیاری ژمارە 163 لە رێکەوتی 18 /8/ 2021 بوو، کە تێیدا بەشێوازێکی زۆر وردتر و چڕ و پڕتر سەرجەم مەرج و رێکارەکانی چاککران، هەر لە سەرتای وەرگرتنی مۆڵەت بۆ دروستکردنی قوتابخانەی ناحکومیی تا کۆتایی شێوازی کارکردنی ئەو قوتابخانانە، وەک چۆن لە(91)ماددا خراونەتە ڕوو. (وەزارەتی پەروەردە، 2021)

**لە گرنگترین بەندەکانی پرۆژە یاسای تایبەت بە قوتابخانە ناحکومییەکان:(وەزارەتی پەروەردە،2021).**

**-ماددەی (2) ئامانجەکانی خوێندنی ناحکومیی:**

1 چاوپێکەوتن لەگەڵ کەژاڵ جلال طاهرناسراو بە (شێخ کەژاڵ) بەرێوەبەری هۆبەی قوتابخانە ناحکومیەکان لە پەروەردەی گشتی هەولێر، لە رێکەوتی 1-2-2022.

بۆ دامەزراندنی باخچەی منداڵان، قوتابخانە، خوێندنگە و پەیمانگەی ناحکومی، دەبێت ئەو دامەزراوانە ئەو ئامانجانەیان هەبێت، کە لە یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکاندا هاتووە، ئامانجەکانیش بریتیین لە:رەخساندنی بواری نوێ و خوێندن، گرنگیدانی زیاتر بەفێربوونی زمانی دیکە، دروستکردنی جۆرێک کێبڕکێ لەنێوان قوتابخانەکاندا بەمەبەستی پێشکەوتنی کەرتی پەروەردە و زەمینە خۆشکردن بۆ خێزانە گەڕاوەکان، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرن بۆ خوێندنی منداڵەکانیان.

ماددەی(4): مافی وەرگرتنی مۆڵەتی دروستکردنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومیی: هەموو تاکێك کە تەمەنی لە سەروو (18)ساڵیدابێت دەتوانێت داوکاری پێشکەشبکات بۆ کردنەوەی قوتابخانەی ناحکومیی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها پێویستە فەرمانبەری کەرتی گشتی نەبێت و، ڕێگە نادرێت قوتابخانەیەکی ناحکومیی لەسەر بنەمای ئاینیی یان حیزبی دابمەزرێت.

-ماددەی (18) سەبارەت بە بابەتی سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردن و بەدواداچوون بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان لەرێگەی سەرپەرشتیاری تایبەت دەبێت، لەم پێناوەدا وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات سەبارەت بە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی خوێندن لە قوتابخانە ناحکومییەکاندا.

ماددەی (23) تایبەتە بە پۆلێنکردن و هەڵسەنگاندنی دامودەزگا ناحکومییەکان بە گوێرەی زانیارییەکان و بەڵگەکانی ڕاپۆرتی ساڵانە دەبێت، بەم جۆرەی خوارەوە پۆلین دەکرێن: ئاستی یەکەم: پێویستی بە پشتیوانیی زۆرە. ئاستی دووەم: پێویستی بە پشتیوانییە. ئاستی سێیەم ناوەنییە. ئاستی چوارەم باشە. ئاستی پێنجەم زۆر باشە. ئاستی شەشەم نایابە.

هەربەپێی یاسا و ڕێنماییەکان، ئەو دامو دەزگایانەی ئاستی یەکەم و دووەم بەدەست دەهێنن دەبێ بۆ ساڵی داهاتوو لە هەڵسەنگاندنەکاندا کەموکوڕییەکانی خۆیان چاك بکەن و ئاستیان بەرزبکەنەوە، ئەگەر نا سزا دەدرێن.  بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە تاوەکو ئێستا ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ ئەم چەند ساڵەی کۆتایی ئەنجام نەدراوە، بێگومان گەر هەبووایە سوودی دەبوو لە دروستکردنی جۆرێك لە کێبڕکێ و کاریگەریی لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پەروەردەیی قوتابخانە ناحکومییەکان.

ماددەی (28) بەمەرجی داناوە ڕێنمایی کاری پەروەدەیی لە قوتابخانە ناحکومیەکان  دابمەزرێن و هەروەها گەر هات و ژمارەی قوتابیان لە (300) قوتابی زیاتر بوو دەبێ ڕێنمایی کاری  دووەم  دابمەزرێن بۆ قوتابخانەکەیان، بێگومان ئەمەش سوودی زۆری دەبێت بۆ خزمەتکردن بەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەدوا داچون بۆکێشەو گیروگرفتەکانی قوتابیان.

ماددەی (29) سەبارەت بەدامەزراندنی فەرمانبەر و مامۆستایانە لە قوتابخانە ناحکومییەکان:

دەبێت ڕێژەی ئەو مامۆستایانەی لە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومییدا بەهەمیشەیی دادەمەزرێن لە (80 ٪)ی کۆی گشتی ژمارەی مامۆستایانی دامەزراوەکە پێکبهێنن، نابێت لەو ڕێژەیە کەمتر بن، ئەمەش زۆر گرنگە ئەگەر وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی بێکاری لەنێو دەرچووە دانەمەزراوەکان.

-ماددەی (43) کە باسی پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانە ناحکومییەکان دەکات، ئەویش بەم شێوەیەیە:

یەکەم: هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومیی، دەبێت بە یەك لەم سێ جۆرە پرۆگرامەی خوێند پابەند بێت:

پرۆگرامی خوێندنی وەزارەت بۆ دامەزراوە پەروەردەییە خۆماڵییەکان .

پرۆگرامی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی نێودەوڵەتی، کە لەلایەن بنکەی سەرەکی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە پەسەندکراوە و ناوی لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە.


پرۆگرامی خوێندنی وڵاتێکی دیکە بۆ دامەزراوە پەروەردەییە بیانییەکان.

-ماددەی (79) ژمارەی قوتابی لە پۆلدا: نابێت هیچ پۆلێکی قوتابخانە، خوێندنگە، کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە لە (30) قوتابی زیاتر بێت، نابێت ڕووبەر بۆ هەر قوتابی و خوێندکارێك لە پۆلەکە لە 1.5 م2 کەمتر بێت، بێگومان ئەمەش کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی قوتابیان لە نێو قوتابخانە. زۆر پێویستە هەوڵبدرێت بۆ قوتابخانە حکومییەکانیش ئەو خاڵانەی لەسەرەوە ئاماژیان پێکرا، جێبەجێبکرێن.


لە خاڵی دووەمی ئەم مادەیەدا باس لەوە کراوە دەبێت پرۆگرامەکانی خوێندن لەگەڵ بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ئایینی و نەتەوەیی کوردستان بگونجێن، بەتایبەتی بۆ قوتابخانە نێو دەوڵەتییەکان، چونکە هەندێ پرۆگرام و بابەت هەیە لە هەندێ کۆمەڵگە ڕەنگە گرفتی نەبێت، بەڵام هەمان ئەو پرۆگرامانە بۆ کۆمەڵگەی کوردی ببێتە هۆی دروستکردنی کێشە.

**1-3: ئامارەکانی ژمارەی قوتابخانە و قوتابیان بەپێی هەردوو سستمی حکومیی و ناحکومیی لە هەرێمی کوردستان:**

**1-3-1: خستنەو روی ئامارو داتاکان سەبارەت بە ژمارەی قوتابخانە حکومیی و ناحکومییەکان(*):**





لە دایەگرامی (1)دا ژمارەی قوتابخانەکان بەهەردوو سستمی حکومیی و ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان روونده‌کاتەوە. بەپێی دایەگرامکە ژمارەی قوتخانە ناحکومییەکان ژمارەیان (483) قوتابخانەیە کە رێژەی 7 ٪ی دامەزراوە پەروەردەییە تایبەتییەکان پێکدەهێنێت، لەبەرامبەردا ژمارەی قوتابخانە حکومییەکان بریتییە لە (6749) قوتابخانە بەرێژەی 93٪. ئەگەر سەرنجبدرێتە ئەو رێژانەی پێسەوە، ئەوا تێبینی دەکرێت. ژمارە قوتابخانە ناحکومییەکان بەراورد بە قوتابخانە حکومییەکان زۆر نییە، لەبەر ئەوەی مێژووی دامەزراندنی قوتابخانە ناحکومییەکان سێ دەیە لە هەرێمی کوردستاندا دەستی پێکردووە.




دایەگرامی (2) پیشانی دەدات کە جیاوازی لەنێوان ژمارەی قوتابخانە ناحکومییەکان بەپێی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، دەدەکەوێت هەولێر لەنیوە زیاتری قوتابخانەی ناحومییەکان لە هەولێرن، ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بێت کە ئەزموونی قوتابخانەی ناحکومیی سەرەتا لە هەولێرەوە دەستی پێکرد و مێژوویکی پێشتری هەیە بەراورد بە سلێمانی و دهۆک، هەروەها هەولێر پایتەختە و ناوەندی بڕیار و قونسوڵخانە و کۆمپانیای بیانی و نێوخۆیی تێدایە. زێتر لەوەش، ژمارەی دانشتوانی زیاترە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە، لەگەڵ ئەوانەشدا خەڵکی بیانی وڵاتانی وەک ئێران، تورکیا، سوریا و تەنانەت وڵاتانی ڕۆژئاوایی و عەرەبی ناوەڕاست و باشووری عێراق زیاتر لە هەولێر گیرساونەتەوە. ئەمانە یەکێکن لە هۆکارەکانی زۆری قوتابخانە ناحکومییەکان


*- ئامادەکردنی توێژەران بەسودوەرگرتن لە داتاکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان.

لە هەولێر کە دەکاتە 261 قوتابخانەی ناحکومیی. بەمپێیە دەتوانرێت مێژووی گەشەسەندنی قوتابخانە ناحکومییەکان لە هەولێر بەپێی ساڵ ڕوونبکرێتەوە، وەک لە دایەگرامی دواتردا خراوەتەڕوو.





دایەگرامی (3) ژمارەی قوتابخانە ناحکومییەکان بەپێی ساڵ دەخاتەڕوو لە دایەگرامکەدا دەردەکەوێت کە لەسەرەتادا کردنەوەی ئەو جۆرە قوتابخانانە زۆر بە هێواشی بووە، بەجۆرێک لە ساڵی 1994 تاوەکو 2009 ژمارەی قوتابخانەی ناحکومیی تەنها 26 قوتابخانەبووە، بەڵام دواتر وردە وردە ژمارەکان زیادیانکردووە، چونکە وەك ئاشکرایە لە سەرەتای نەوەدەکانەوە کە دەکاتە دوای ڕاپەڕینی کورد لە باشووری کوردستان، ئیتر بەهۆکاری دوو گەمارۆوە کە یەکیان لەلایەن حکومەتی عێراقی ئەوکات و ئەوەی دیکەش لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە کە خرابووە سەر هەموو عێراق بە هەریمی کوردستانیشەوە، بەمپێیە باری دارایی هاوڵاتیان زۆر باش نەبوو، هەروەها ناجێگیری سیاسی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و شەڕی براکوژی، خەڵکی کەمتر دەپرژانە سەر کوالیتی قوتابخانە و سستمی خوێندن و پەروەردە. ئەو قوتابخانە ناحکومیانەی لە ساڵانی نەوەدەکان لە هەولێر دامەزراون تەنها بۆ چینی باڵآی کۆمەڵگە بوون ئەوانەی پارەدار و بەرپرسی باڵای حزبی و حکومیی بوون. لەو سەروبەندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیتر نەبوونی مووچە و خراپی ڕەوشی پەروەردەیی لە قوتابخانە حکومییەکان وایکرد بازرگانان هەلەکە بقۆزنەوە و دەستیانکرد بە دروستکردنی قوتابخانەی ناحکومیی، بەمشێوەیە ژمارەی ئەو جۆرە قوتابخانانە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیانکرد لە هەولێر. سەرنج دەدریت کە لە 2015 ژمارەی قوتابخانە ناحکومییەکان زۆر دابەزیوە، ئەوەش بەهۆکاری نزیك بوونەوە و هەڕەشەکانی داعش لەسەر هەولێر و بوونی شەرو شۆڕ و ناجێگیری سیاسی و پاشەکەوت و بڕینی مووچە و بەدوایدا قەیرانی دارایی. لە 2017 دا سەرباری قەیرانی دارایی و نەبوونی موچە بەڵام 39 قوتابخانەی ناحکومیی لە هەولێر دامەزراون، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خراپبوونی کەرتی گشتی پەروردە بۆیە خەڵکی سەرباری خراپی دۆخی داراییان منداڵەکانیان لە قوتابخانەی ناحکومیی و بە پارە دەخوێنن. هەروەها لە 2019 تێبینیدەکرێت ژمارەی دامەزراندنی قوتابخانە ناحکومییەکان لە هەولێر کەمر بوونەتەوە بەرورد بە ساڵی پێش تر، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڕیار و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، کە مۆڵەتی دامەزراندنی قوتابخانەی ناحکومیی لەسەرجەمر پارێزگاکان ڕاگرت، ئەویش بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی کارەکانیان لە بواری قوتابخانە ناحکومییەکاندا. بڕیاری مۆڵەت پێنەدان تاکو ناوەڕاستی ساڵی 2020 بەردەوامی هەبوو، ئیتر لەو ساڵەدا پەتای کۆرۆنا و کەرەنتینە دەستیان پێکرد، کەچی جێگەی سەرنجە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە لە کەمبوونەوەی دامەزراندنی قوتابخانەی ناحکومیی لە هەولێر، بەجۆرێک هەر لەو ساڵەدا 39 قوتابخانەی ناحکومیی دامەزراون، بۆیە دەکرێ بلێن کە کرۆنا کاریگەری زۆری لەسەر قوتابخانە حکومییەکان کردوە تا قوتابخانە ناحکومییەکان، بەشێوەیەک کە خوێندن بوو بە ئۆنڵاینیش ئەو قوتابخانانە بەدواداچوونی وردیان بۆ قوتابیانیان دەکرد پێچەوانەی قوتابخانە ناحکومییەکان کە زۆر گرنگیان بەوبابەتە نەدەدا و شارەزایی ستافی پەروەردەی حکومیی لەو ئاستەدا نەبوو کە بتوانن تەکنۆلۆژیا بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی پەروەردەییان بەکار بهێنن، بۆیە خەڵکێکی زۆر ڕوویانکردە قوتابخانە ناحکومییەکان. وەک لە دایەگرامکەی پیشوودا دەردەکەوێت دوای باشتربوونی و کۆنترۆڵکردنی پەتای کۆڕۆنا لە هەرێمی کوردساتن و نەمانی کەرەنتین بە دیاریکراوی لەنێوان ساڵانی 2021 - 2022 دا، تێبینیدەکرێت ژمارەی پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی قوتابخانەی ناحکومیی گەیشتە 42 قوتابخانەی ناحکومیی، کە ئەمەش جێگەی تێڕامانە؛ لەگەڵ بوونی قەیرانی دارایی و ئاوەدانبوونەوەی بازاڕ لەدوای 2 ساڵی ناجێگیری و کەرەنتین، بەڵام ژمارەی قوتابخانەی ناحکومیی هەر لە زیادبووندابووە، دەکرێ هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ بێ هیوابوون لە کەرتی پەروەردەی گشتی و ڕەزامەندی خێزانەکان لە کەرتی پەروەردەی تایبەت و ئەو

خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی قوتابیان دەکرێن، هەروەها بیرکردنەوەی باوان لە داهاتووی منداڵەکانیان کە سەرمایەگوزاری بە خوێندنەکەیان و کوالیتی خوێندنەکەیان دەکەن تاوەک وبتوانن لە بازارِیکاردا زوتر و کاری باشتریان دەست بکەوێت، لەبەر ئەوەی بەپێی ئاماژەکان کەرتی پەروەردەی گشتی کەمووکورتی زۆری هەیە و تا ئێستاش نەتوانراوە ئەو کەمووکوردتاینە چارەسەر بکرێن. شایەنی ئاماژەیە، لەدوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە 2003 کە قۆناغی دووەمی وەچەرخانی ڕەوشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیبوو لە هەرێمی کوردستان لەدوای ڕاپەڕینەوە، ئیتر وردە وردە ژمارەی قوتابخانەی ناحکومیی لە هەولێر زیادیانکرد. لێرەدا هەوڵدەدرێت بە دایەگرام بەراوردێک لەنێوان ساڵانی 1994- 2003 و ساڵانی 2004- 2022 سەبارەت بە ژمارەی قوتابخانە ناحکومییەکان لە هەولێر بکرێت.





دایەگرامی (4) ڕەوتی پەرەسەندنی قوتابخانە ناحکومییەکان لە هەولێر دەخاتەڕوو، سەرنجدەدرێت کە تاکو سەردەمی پێش داگیرکردنی عێراق قوتابخانەی ناحکومیی ژمارەیان زۆر کەمبوو لە هەولێر کە تەنها 8 قوتابخانەبووە، بەڵام دوای 2003 ژمارەیان بەرەو زیادبوون ڕۆیشتووە، ئەویش لەگەڵ باشتربوونی دۆخی سیاسی و ئابووری خەڵک و کرانەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕووی وڵاتان و ئاشنابوونی خەڵک بەو شێوازە سستمەی خوێندن و بەرەو خراپچوونی پەروەردەی گشتی، هەموو ئەوانە پێکەوە وایانکرد ژمارەی قوتابخانەی ناحکومیی لە نێوان ساڵانی 2004- 2022 بگاتە 253 قوتابخانە لە هەولێر.





دایەگرامی (5) تایبەتە بە بەراوردکری نێوان قوتابخانە ناحکومییەکان لەرووی ژمارەیانەوە. لە دایەگرامکەدا دەردەکەوێت کە ژمارەی قوتابخانە ناحکومییەکان تەنها لەنێوان ساڵانی 2017- 2018 بریتی بووە لە 175 قوتابخانە بە ڕێژەی 67 %، بەڵام تەنها دوای 4 ساڵ 86 قوتابخانەی ناحکومیی نوێ دامەزراون بە ڕێژەی 33% ئەمە تەنها لە هەولێر، شایەنی ئاماژەیە ساڵانی 2021 تازە کۆمەڵگە خەریکەبوو بێتەوە سەرەخۆی لە پەتای کۆڕۆنا و دوای کەرەنتینە. ئەو ژمارانەی نێو دایەگرامکە ڕوونی دەکەنەوە کەخستنەبەرخوێندن و کردنەوەی قوتابخانەی ناحکومیی لە هەولێر لەو ساڵآنەی وا لە دایەگرامکەدا دەرکەوتوون بووە بە دیاردەیەکی بەربڵاو و خەڵکی هەڵپەدەکەن بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان زیاتر تا قوتابخانەی حکومیی. شایەنی باسە، کە ئەو

بەراوردەی لێرەدا کراوە لەنێوان ساڵانی (2017 - 2018)  و (2021- 2022) لەبەرئەوەیە ئەم ئامارە، تاکە ئاماری فەرمی وەزارەتی پەروەردەیە بۆ ژمارەی قوتابخانە ناحکومییەکان لە هەولێر و پارێزگاکانی دیکە، لێرەدا توێژەر تەنها شاری هەولێری خستووەتە ڕوو چونکە کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە هەولێر.



دایەگرامی (6) ژمارەی قوتابخانە ناحکومییەکان لەسەردەمی کابینەکانی حکومەتی هەرێم لەپارێزگای هەولێر

لە دایەگرامی (6)دا هاتووە کە ژمارەی قوتابخانە ناحکومییەکان بەپێی کابینەکای حکومەتی هەرێم جیاوازن، بەهەمان شێوەی دایەگرامکانی پێشوو، دەردەکەوێت لە کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەرتا کردنەوەی قوتابخانەی ناحکومی گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردوە وەک دەردەکەویت تا کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم ژمارەی قوتابخانە ناحکومییەکان بەهێواشی زیاد دەکەن، بەڵام وردە وردە لە کابینەی شەشەمەوە ژمارەی ئەو جۆرە قوتابخانانە لە زیادبووندان و لە دایەگرامکەدا دەردەکەوێت کە هەر لەبەرفراوانیدان. دامەزراندنی قوتابخانەی ناحکومی زۆر خێرا زیاد بوون تا دەگاتە ترۆپکی لە کابینەی نۆیەمدا، ئیتر ئەگەر بەوشێوەیە بەردەوامبێت، ڕەنگە بۆ کابینەکانی داهاتوو ڕێژە و ژمارەکان زۆر زیاتر بن بەراورد بە ئێستا.



دایەگرامی(7) ژمارەی قوتابخانە ناحکومیەکان بەپێی زمانی خوێندن لەپارێزگای هەولێر


لەدایەگرامی (7)دا ڕووندەبیتەوە کە ژمارەی قوتابخانە ناحکومییەکان بەپێی زمانی خوێندنیان جیاوازیان هەیە. وەک لە دایەگرامکەدا دەردەکەوێت زۆرینەی قوتابخانەکان زمانی خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییە کە ژمارەیان 139 قوتابخانەیە، بەجۆرێک زیاتر لەنیوەی ژمارەی قوتابخانە ناحکومییەکانی شاری هەولێر پێکدێنن، دەشێ یەکێک لە هۆکارەکانی ڕووکردنە قوتابخانە ناحکومییەکان بۆ ئەوەبێت کە منداڵ فێری زمانی ئینگلیزی ببێت بۆ ئەوەی بۆ داهاتووی  لە بازاڕی کاردا سودی لێ وەربگرێت، کە بەراورد بە قوتابخانەی حکومیی دەرفەتی فێربوونی زمانی بیانی بەوشێوەیە زۆر کەمترە. فێربوونی زمانی دووەم زۆر گرنگە، بەڵآم دەبێت زمانی دایک تەواو بنچینەییبێت بۆ قوتابی، لەم سۆنگەیەوە پێویستە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ئاگادار

بێت، ئەم جەختکردنەوەیەی باوان لەوەی منداڵەکانیان زمانی دووەم باش فێرببن کاریگەری لەسەر لاوازبوونی زمانی دایک لای منداڵ دروست نەکات و نەبێتە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی کە قوتابی نەزانێت بە کوردی بیربکاتەوە و قسە بکات و بنووسێت.

شایەنی ئاماژەیە، هەندێک لەو هۆکارانەی وایانکردووە قوتابخانە ناحکومییەکان لە شوێنێکدا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشە بکەن، بە پلەی یەکەم گەشەسەندنی ئابوری و سەقامگیری سیاسی و ئاسایشە (فیرنیە واخرون، 2016: 50). سەقامگیری سیاسی و پەرەسەندنی لایەنی کۆمەڵایەتی بەرچاو و بوژانەوەی ئابوری لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی (2000) یەکێکبووە لە هۆکارەکانی زیادبوونی ئەم شێوازە ناحکومییەی خوێندن، بەژداریکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپەرپێدانی پرۆسەی فێرکردن لەهەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی باشتر بوژایەوە و وای کرد لە هەرسێ شارەکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر-سلێمانی-دهۆك) ژمارەی قوتابخانە ناحکومیەکان ڕوو لە زیادبوون بکەن(پەروەردەو فێرکردن، 2012: 188). کەواتە ئەو بارودۆخە ئارامەی هەرێمی کوردستان پاڵنەربووە بۆ ئەوەی قوتابخانە ناحکومییەکان بە گشتی و نێو دەوڵەتییەکان بەتایبەتی هانبدات لقی قوتابخانەکانیان لە هەرێمی کوردستاندا بکەنەوە. هەروەها ئارەزوی باوان و موکوڕییان بۆ خوێندنی منداڵەکانیان لەم جۆرە قوتابخانانە، زیادبکات.


**2-3-1: خستنەرووی ئامار و داتاکان سەبارەت بە ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانە ناحکومییەکان:**

ئەوەی لەپێشەوە باسکرا، کۆمەڵێک ئاماربوون تایبەت بە ژمارەی قوتابخانەی ناحکومیی و چۆنیەتی زیادبوون و هەندێک لە هۆکارەکانی ئەو گەشەسەندنە خێرایەی لە بەربڵاوبوونی ئەو جۆرە سستەمەی خوێندنەی بەدیدەکرێت. لەم تەوەرەدا هەوڵدەدرێت ئاماری قوتابیان و ڕێژەکانیان بخرێنەڕوو بۆ ئەوەی دایەگرامی گشتی بابەتەکە تەواو بخرێتە ڕوو.




دایەگرامی (8) دەریدەخات کە ژمارەی قوتابیان لەهەرێمی کوردستان لە هەردوو سستمی خوێندنی حکومیی و ناحکومیی بەوشێوەیەن کە ژمارەیان لە قوتابخانەی حکومیی 1737541 و ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانەی ناحکومیی بەریتییە لە 118221 ئەمە لەکاتێکدایە خوێندن لە هەرێمی کوردستان تا زانکۆش تەواو دەکرێت بە خۆرایی، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەو قوتابیانەی لە زانکۆ و لە بەشی دڵخوازیخۆیان وەرناگیرێن برێک پارەدەدەن بۆ ئەوەی کۆنمرەیان لەو بەشانەدا قبوڵ بکرێت، یانیش ئەو قوتابیانەی تەرقین قەید دەکرێن بە سستمی پاراڵێل دەخوێننەوە. بەڵام دوازدە ساڵی خوێندن لە قوتابخانە بۆ هەموو تاکێک لە هەرێمی کوردستان بەخۆڕاییە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی زۆر هەوڵدەدەن منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندنی بەپارە، لەبەر ئەوەی متمانەی تەواویان بە خوێندنی گشتی نەماوە.


**دايەگرامی(9) ژمارەی قوتابيان لە قوتابخانە ناحكومييەكانی بەپێی شارەكان**





دایەگرامی (9) روونی دەکاتەوە کە ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانە ناحکومییەکان لە سارِی هەولێر بریتییە لە 72471 بەڵام لە سلێمانی ژمارەیان دەگاتە 31904 و لە شاری دهۆک دەگاتە 13841. جیاوازی ئەوم ژمارانە بێ گومان دەگەڕێتەوە بۆ چەندێتی ژمارەی دانیشتوان لەو شارانە، بەجۆریک شاری هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە ژمارەی دانیشتوانی زیاترە بەراورد بە شارەکانی دیکە. و شاری دهۆک کەمترین قوتابی لە قوتابخانەی ناحکومی دەخوێنن چونکە ژمارەی دانیشتوانی بەراورد بە هەولێر و سلێمانی کەمترە.

| ( 1) خشتەی<br>ژمارەی قوتابیان لە نێوان قوتابخانەی حکومی و ناحکومییدا لەسەر ئاستی شارەکان | | |
|---|---|---|
| شار | ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەی حکومی | **ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەی ناحکومی** |
| هەولێر | 576323 | **72471** |
| سلێمانی | 665407 | **31904** |
| دهوك | 495811 | **13841** |
| کۆی | 1737541 | **118221** |

لە خشتەی (1)دا بەپێی شارەکانی هەرێمی کوردستان لەشاری هەولێر ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە لە قوتابخانەی حکومی دەخوێنن دەگاتە 576323 لەبەرامبەردا قوتابیانی قوتابخانەی ناحکومی ژمارەیان بریتییە لە 72471 قوتابی. لە شاری سلێمانی ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە حکومییەکان دەکاتە 665407 لەبەرامبەردا قوتابخانە ناحکومییەکان دەگاتە 31904 قوتابی. لە کۆتاییدا شاری دهۆک ژمارەی قوتابیانی قوتاخانەی حکومی لەشارە دەکاتە 495811 قوتابی کە ژمارەکەی لە شاری سلێمانی نزیکە، لەبەرامبەردا ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەی ناحکومی دەکاتە 13841 قوتابی. ئەوەی تێبینی دەکەین هەرچەند ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەی حکومی لە سلێمانی زیاترە بەراورد بە هەولێر، بەڵام رێژەی قوتابیان لە قوتابخانەی ناحکومی لە هەولێر زیاترە تا سلێمانی، رەنگە هۆکاری ئەم جیاوازییە لە ژمارەی قوتابیان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە و زۆربەی کۆمپانیا گەورەکان و باڵوێزخانەکان لە هەولێرن، جگە لەوەش، ناوەندی بڕیاردانی لێیە، بۆیە ژمارەکان بەو شێوەیە جیاوازن. هۆکارێکی یکە سەنتەری شاری هەولێر گەورەترە بەراورد بە سەنتەری شاری سلێمانی، ئەمەش کاریگەری خۆی دەبێت، چونکە ئەوەی تێبینی دەکرێت زۆربەی قوتابخانە ناحکومیەکان لەسەنتەری شارەکاندان.




لەدایەگرامی (10)دا ژمارەی قوتابیان لەسەر ئاستی شاری هەولێر بەپێی قوتابخانەی حکومیی و ناحکومیی ڕوندەکاتەوە. دەردەکەوێت کە ڕێژەی هەرەزۆری قوتابیان لە قوتابخانە حکومییەکاندا دەخوێنن بە ڕێژەی (89% ) کە ژمارەیان دەکاتە 576323، بەڵام ڕێژەی قوتابیان لە قوتابخانەی ناحکومیی دەکاتە (11%) کە ژمارەیان بریتییە لە 72471 قوتابی.




لە دایەگرامی (11)ە دا ژمارەی قوتابیان لەقوتابخانە ناحکومییەکانی شاری هەولێر رون کراوەتەوە، دەردەکەوێت ژمارەی قوتابیان بەرێژەیەکی زۆر زیادی کردووە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، لەگەڵ بوونی چەندین گرفتی وەک: قەیرانی دارایی، پاشەکەوت و دواکەوتنی مووچە و سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا و کەرەنتینە، بەڵام ژمارەی قوتابیان ساڵ لەدوای ساڵ بەردەوام لەبەرزبوونەوە دابووە.

**4- هۆکارەکانی هەڵبژاردنی قوتابخانەی ناحکومیی لەروانگەی باوانەوە:**

هۆکارەکانی روکردنە قوتابخانە ناحکومییەکان زۆر رەهەند و مەبەستی لە پشتەوەیە، بێگومان لە خێزانێکەوە بۆیەکی دیکە دەگۆڕێت. زۆر هۆکار هەیە والەباوان دەکەن منداڵەکانیان بخەنە بەر خوێندنی ناحکومیی، بۆیە لەم باسەدا هەوڵدەدرێت هەندێ لەوهۆکارانە بخرێنەڕوو.

رەنگە سەرتا وا بەهزردابێت کە باوانی قوتابیان تەنها گرنگی بە کوالێتی قوتابخانە و خزمەتگوزارییەکانی دەدەن، بەڵام ئەوە تەنیا هۆکاری سەرەکی نییە، بەڵکو هۆکاریدیکەش پێکەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەو بڕیارەی باوان بۆ ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانەی ناحکومیی لەو هۆکارانە: لایەنی ئابوری خێزان و داهاتی مانگانەیان، شوێنی جوگرافی قوتابخانەکان و نزیکیان لە ماڵ یان لە شوێنی کاری باوانەوە، سیما و خەسڵەتە تاکەکەسیەکانیش دیسانەوە ڕۆڵ دەبینن، هۆکاری کۆمەڵایەتی و کولتووریی(الدوسری واخرون، 2019: 239) لەتوێژینەوەی کۆمەڵە توێژەرێکی بیانیدا کە سەبارەت بە قوتابخانە ناحکومییەکان ئەنجامدراوە لەسەر داوای وەزارەتی پەروەدەی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە رەوشی کەرتی پەروەردە لە هەرێم، ئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە هۆکاری رووکردنە

قوتابخانە ناحکومییەکان لە لای باوانی قوتابیانەوە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی وەك: کەمی ژمارەی قوتابی لە پۆلدا، گرنگیدانی قوتابخانە ناحکومییەکان بەزمانی ئینگلیزی، هەروەها بوونی چەندین چالاکی دیکە لەگەڵ وانەکانی خوێندن و زۆر بایەخدان بە وەرزش و هونەر، لەگەڵیدا، قوتابخانە ناحکومییەکان باشترین مامۆستا هەڵدەبژێرن بۆ قوتابخانەکەیان (فیرنیە واخرون، 2016: 50-51) ئەم ئەنجامانە بەنزیکەیی ئەو ئەنجامانەن کە توێژەران تێبینییانکردووە لە قوتابخانە ناحکومییەکانی شاری هەولێر. لەو هۆکارانەی کە وایانکردووە دایک و باوک منداڵیان بنێرنە بەرخوێندنی ناحکومیی:

**1-4: هۆکارە خودییەکان**

هۆکارە خودییەکانی باوان کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر ئەوەی بڕیار بدەن بۆ ئەوەی منداڵەکەیان لەم جۆرە قوتابخانانە دابنێن. مەبەست لە هۆکارە خودییەکان ئەو هۆکار و پاڵنەرانەن کە لە خودی باواندایە و هانیاندەدات روو لە قوتابخانە ناحکومییەکان بکەن، لەم حاڵەتەدا ئەوان پێیان وایە خوێندنی ناحکومیی سودی بۆ داهاتووی منداڵەکانیان دەبێت، واتە هۆکارەکە بۆخودی خۆیان دەگەڕێتەوە.

**2-4: هۆکارە ئابوورییەکان**

هۆکارە ئابوورییەکان یەکێکە لە خاڵە گرنگەکان کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر تاك و خێزانەکان و یەکێکە لەهۆکارە کاریگەرەکان لەسەر باوانی قوتابیان بۆ هەڵبژاردنی جۆری خوێندن بۆ منداڵەکەیان، ئینجا ئەم خوێندنە حکومیی بێت یان ناحکومیی، هەربۆیە زۆربەی ئەو خێزانانەی کە دەوڵەمەندن و توانای ئابورییان باشە، منداڵەکانیان دەنێرنە قوتابخانە ناحکومییەکان، چونکە بڕوایان وایە بۆ وەبەرهێنان لەتوانا مەعریفیەکانی منداڵەکانیان سودی دەبێت، هەروەها ئەم شێوازەی خوێندن جۆرێک لە نمایشکردنی پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو خێزانانەی تێدایە. بەپێی ئەنجامی زۆرێک لە توێژینەوە و ئامارەکان ئەوە دەرکەوتووە کە ئەو قوتابیانەی لەزانکۆ بەناوبانگەکان دەخوێنن لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ئەوانەن کە قوناغی قوتابخانەیان لە قوتابخانە ناحکومییەکان تەواو کردوە (الدوسری واخرون، 2019: 239).

بێگومان باوانی قوتابیان حەزی ئەوەیان هەیە کە منداڵەکانیان لە داهاتوودا بگەن بە شوێن و پێگەی باش و خاوەنی داهاتێکی باش بن و بتوانن لە بازاڕی کاردا بە ئاسانی کاریان دەستبکەوێت، ئیتر خێزانەکان لەم پێناوەدا ئەوەی لەتوانایاندا بێت دەیکەن(Sreekanth,2010:36) هەربۆیە زۆربەی باوانی قوتابیان هیوا و ئارەزوی ئەوەیان هەیە باشترین کار بکەن بۆداهاتووی منداڵەکانیان، لەم پێناوەدا گرنگی زۆر بە چۆنایەتی خوێندنی منداڵەکانیان دەدەن، بۆیە زۆرجار پەنادەبەنە بەر هەڵبژاردنی قوتابخانەی ناحکومیی، تەنانەت هەندێکجار ناچاردەبن شوێنی نیشتەجێبوونی خۆشیان بگۆڕن و قەرز و قۆڵە بکەن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بتوانن خوێندنێکی تایبەتی چاکیان هەبێت، بێگومان ئەوەش لە قوتابخانەی ناحکومیی دەستەبەردەبێت، چونکە لەو باوەڕەدان سودی دەبێت بۆداهاتووی پیشەیی منداڵەکانیا Green etal , 2012: 3).(

هۆکارە ئابورییەکان خاڵێکی گرنگی و کاریگەرە لەسەر بڕیاردانی باوان بۆ ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان، دەکرێ ئەم هۆکارە لە دوو روانگەوە باس بکرێت، ئەوانیش: ئاستی دارایی خێزان چەندە و چۆن دەتوانێت خەرجییەکانی قوتابخانە ناحکومییەکان دابین بکات، بۆیە لایەنی ئابوری هۆکارێکی گرنگە بۆ زیادبوونی رێژەی قوتابیان لە قوتابخانە ناحکومییەکان، کە ئەم خاڵەش لە هەرێمی کوردستان بەئاشکرا تێبینیدەکرێت، تاوەکو باروگوزەرانی خەڵکی باشتر بێت و ئارامی زیاتر هەبێت، ژمارەی قوتابخانە ناحکومییەکان بەردەوام روو لەزیاد بوون دەبێت. لە روانگەیەکی دیکەوە، بیرکردنەوەی باوان لە داهاتووی منداڵەکانیان، چونکە هەندێك باوان وا هەست دەکەن گەربێت و منداڵەکانیان لە قوتابخانە و زانکۆ تایبەتەکاندا بن سودی دەبێت بۆ داهاتووی پیشەییان و وادەکات هەلی کاری زیاتریان هەبێت بەراورد بەوانەی لە قوتابخانەی حکومیی دەخوێنن، هەربۆیە تێبینی دەکرێت، هەندێ لە خێزانەکان داهاتێکی زۆر باشیان نییە بەڵام منداڵەکانیان لە قوتابخانەی ناحکومیی دەخوێنن بەهۆکاری ئەوەی وا تێدەگەن بۆ داهاتوی منداڵەکانیان سودی دەبێت.

**3-4: هۆکاری کۆمەڵایەتی**

کاتێک دایک و باوکی قوتابیان دەست دەکەن بە هەڵبژاردنی قوتابخانەیەک بۆ منداڵەکانیان - ئینجا حکومی بێت یان تایبەت- ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی پرسگەلێک دەبنەوە کە پەیوەندییان بە چینی کۆمەڵایەتیانەوە هەیە، پەیوەندییە خێزانییەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی باوان، ئاستی چینی کۆمەڵایەتی کاریگەرییان لەسەر- بە شێوەیەکی بەرچاو – بڕیاردان لەبارەی جۆری خوێندن و لە کوێ خوێندنی منداڵەکانیان هەیە، لەبەر ئەوەی ئاشکرایە پێکهاتەی چینایەتی کاریگەری قووڵی لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان هەیە کاتێک خەمی بڕیاردانی هەندێک بڕیاریان هەیە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە خێزانەکانیانەوە، لێرەشدا بڕیاردان لە دانانی منداڵ لە قوتابخانەی ناحکومیی و جۆر و ناوبانگی قوتابخانە ڕۆڵ دەبینن کە خێزان ئەو قوتابخانانە بۆ منداڵەکانیان هەڵبژێرن.

ئەو تایبەتمەندیانەی پەیوەستن بە چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە زۆرێک لە قوتابخانەکاندا باو و بەربڵاو و کاریگەرن، بە تایبەتی قوتابخانە ناحکومییەکان، دایک و باوکی قوتابی بایەخی زۆریان پێدەدەن، کاتێک بڕیاری خۆیان دەدەن لە هەڵبژاردنی ئەو قوتابخانەیەی کە حەز دەکەن منداڵەکانیان تێیدا بخوێنن (Yaacob, 2014: 242-253).

ناو و ناوبانگی قوتابخانەکان بۆ خێزانە دەوڵەمەند و بەناوبانگ و پلە بەرزەکان پێویستن؛ بە مەبەستی پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتی بنەماڵەکانیان لەنێو ئەو چینانەی کە تێیدا دەژین. جگە لەوەش، پەروەردەکردنیان بۆ منداڵەکانیان لە قوتابخانە ناحکومییەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بنیات دەنێت و فراوانتری دەکات، هەروەها پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چینە هاوشێوەکانی کۆمەڵگادا بەرقەرارتر دەکات. سەرمایەی کۆمەڵایەتی خێزانەکان بە ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانەی ناحکومیی بەناوبانگ بەرفراوانتر دەبێت، کە دواتر دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ سەرمایەی ئابووری، بۆ بەرهەمهێنانی سامان و بەهای کۆمەڵایەتی بەرز کەوا دەکات دواتر کاریگەر و باڵادەست بێت، هەروەها خاوەنی ئەو منداڵانەی لە قوتابخانە ناحکومییە دیارەکان دەخوێنن بە ڕوونی کار لەسەر بەردەوامییان و وەسیەتکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان بۆ منداڵەکانیان دەکەن، ئەمەش بە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لە باشترین و بەناوبانگترین قوتابخانەکانی پەروەردەدا ئەنجام دەدرێت. بۆ خێزانەکان، دوو هۆکاری سەرەکی هەن لە پشت فێرکردنی منداڵەکانیان لە قوتابخانە ناحکومییەکان، یەکەمیان: خواستی ئەوانە بەرژەوەندی بەهێزیان بۆ پاراستنی سوودە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نەوەکانی داهاتوویان. دووەمیان: هەوڵدانیان بۆ منداڵەکانیان بۆ گەیشتن بە باشترین ئاستی باڵای خوێندن.( (Hartsell Sr,2011: 87لاسایی کردنەوەش یەکێکی دیکەی ئەو هۆکارە کۆمەڵآیەتیانەیە. دیاردەی لاساییکرنەوە کاریگەری زۆری هەیە و بەیەکێك لەهۆکارەکان دادەنرێت بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر بڕیارەکانی باوانی قوتابیان بۆئەوەی منداڵەکەیان لەقوتابخانە ناحکومییەکان دابنێن.

### 4-4: هۆکاری کولتووری

ئاستی رۆشنبیری باوان رۆڵی خۆی دەبێت بۆ ئەوەی خێزان منداڵەکانیان لە قوتابخانەی ناحکومیی دابنێن، هەربۆیە یەکێک لەهۆکارەکان بۆ ئەم فاکتەرە دەگەرێتەوە.

باوانی قوتابیان لەکاتی هەوڵدانیان بۆ دیاریکردن و هەڵبژاردنی قوتابخانەیەکی باش بۆ منداڵەکانیان جەخت دەکەنەوە لەسەر ناوبانگی ئەو قوتابخانەیە لەروی زانستی و ئاست بەرزی مامۆستاکانی هەروەها لەروی شێوازی وانەگوتنەوە و پرۆگرامە زانستیەکانی، لەلایەکی دیکەوە ئەو قوتابیانەی لەو جۆرە قوتابخانەنە تەواو دەکەن، تارادەیەک ئاستی زانستیان بەرزە، ئەمەش دەبێتە هۆی راکێشانی سەرەنجی باوان بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لەم قوتابخانانەدا بخوێنن (Dauber ,2013: 555). لەئەنجامی توێژینەوەیەك لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، توێژەر بەو ئەنجامە گەیشتووە کە هۆکاری سەرەکی ناردنی منداڵ بۆ قوتاخانەی ناحکومی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی باوان بەدوای ژینگەیەکی ئەکادیمی باشتردا دەگەرێن بۆ منداڵەکانیان کە پێداویستیە تاکەکەسییەکانی منداڵەکەیان لەبەرچاو گیرابێت(DAVIS,2011: 93).

### 5-4: خۆشگوزەرانی منداڵ

هەموو خێزانێك هەوڵدەدات تا ئەو ئاستەی لەتوانایدابێت قوتابخانەیەکی باش و تەندروست بۆ منداڵ دیاری بکات، بێگومان قوتابخانە ناحکومییەکان بەهۆکاری ئەو پرۆگرام و چالاکیە زۆرانەی کە هەیانە، ئەو خەسڵەتەیان وای کردوە کاریگەریی خۆیان هەبێت لەسەر دروستکردنی ئەو تێگەیشتنە لای باوان، کە منداڵەکانیان لەم جۆرە قوتابخانانەدا ئاسودەن.

قوتابخانە ناحکومییەکان لەپاڵ خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکانیان، هەندێ خزمەتگوزاری تەواوکاری دیکەش پێشکەش دەکەن لەوانەش (الریماوی، 2018: 19)

- خزمەتگوزاری ڕێکوپێکی لە روی باڵەخانەوە، بوونی مەلەوانگە و گۆرەپانی وەرزشی و کتێبخانەو بوونی نۆڕینگەی وەرزشی و تاقیگەو بوونی ڕێژەی سەوزایی پێویست لە ناو قوتاخانەدا.
- بوونی خزمەتگوزاری هاتوچۆ و گواستنەوەی قوتابیان.
- خزمەتگوزاری خواردن و خواردنەوەی تەندروست .
- بوونی ئاسانکاری لەشێوازی پارەدان.
- ڕێکخستنی هەندێ خزمەتگوزاری وەکو ئاهەنگ و پێشبرکێ و گەشتی زانستی و خۆشگوزەرانی بۆ قوتابیان.
- خزمەتگوزاری تەکنەلۆژی وەکو دابینکردنی ئایپادو داتاشۆو ئینتەرنێت بۆقوتابیان.
- هەندێ خزمەتگوزاری بۆ هەندێ باردۆخی تایبەتی قوتابیان وەکو ئەو خزمەتگوزاریانەی پێش کەشی قوتابیان خاوەن پێداویستی تایبەت دەکرێت.

بێگومان بوونی ئەم خزمەتگوزاریانە لە قوتابخانە ناحکومییەکان هۆکاری گرنگن بۆئەوەی باوان خۆیان و منداڵەکانیان هەست بەئارامی ئاسودەیی بکەن.

ئەو خاڵانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، کۆمەڵێک هۆکاربوون کە کاریگەرییان هەیە لەسەر باوان بۆ ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانەی ناحکومیی.

**5-ئەنجامەکانی توێژینەوە:**

1-ئەگەرچی مێژووی سەرهەڵدانی قوتابخانەی ناحکومیی لە هەریمی کوردستان سێ دەیەی بەسەردا تێپەڕیوە، کەچی لەماوەیەکی زۆر کەمدا ژمارەی ئەو جۆرە قوتابخانانە زۆر زیادی کردووە، وەک چۆن لەو ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردەدا دەردەکەوێت، بەجۆرێک لەو چەند دەیەیەدا بووە بە واقیعێکی کاریگەر رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەیان لە زیاد بوندایە.

2-یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەربڵاوی ئەو شێوازە خوێندنە تایبەتە بە پلەی یەکەم بۆ خراپی و لاوازی سستمی پەروەردەی حکومیی، بەجۆرێک ئەوە سێ دەیەیە حکومەت نەیتوانییوە سستمێکی پەروەردەی حکومیی چاک دامەزرێنێت کە لەو ڕێگەیەوە خوێندنی قوتابخانەی ناحکومیی بکردبا بە حەز و حاڵەتێکی دەگمەن، نەک وەکو ئێستا کە بووە بە بڕیارێکی ناچاری و خەڵکی ئەگەر نەتوانن خەرجییەکانی دابین بکەن و ناچاربن قەرت و قۆڵەی بۆ بکەن تەنها بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لە خوێندنی ناحکومیی بخوێنن.

ژمارەی قوتابخانە ناحکومیەکان ساڵ لەدوای ساڵ لە زیاد بوندایە. ژمارەکان بەشێوەیەك روو لە زیاد بونە رەنگە بۆ چەند ساڵێکی دیکە ڕێژەی قوتابی لە خوێندنی ناحکومیی نزیك بێتەوە لە ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانە حکومییەکان.

3-قوتابخانەی ناحکومیی و دابین کردنی خزمەتگوزارییەکانی شێوازێکی بازرگانییانەی وەرگرتووە و بازرگانی بە کەرتی پەروەردەییەوە دەکرێت.

4- هۆکارەکانی هەڵبژاردنی قوتابخانەی ناحکومی جۆراو جۆرن، تەنیا یەك هۆکار نیین، بەڵکو چەندهۆکارێکی جۆراو جۆر کاریگەریی لە بریاردانی باواندا هەیە بۆ هەڵبژاردنی قوتابخانەی ناحکومیی بۆ منداڵەکانیان.

**6.ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:**

1-هەوڵبدرێت توێژینەوەی دیکە ئەنجام بدرێت سەبارەت بە هۆکارەکانی ناردنی قوتابیان بۆ قوتابخانەی ناحکومیی.

2-توێژینەوەیەک ئەنجام بدرێت سەبارەت بە بەراوردکردنی قوتابخانەی حکومیی و نا حکومیی.

**7.پێشنیازەکانی توێژینەوە:**

1-هەوڵدرێت بەشێویەکی بەدەوام هەڵسەنگاندن بۆ ئیش و کارەکانی قوتابخانە ناحکومییەکان بکرێت بۆئەوەی بتوانرێت ئەو سیاسەتە پەروەردەییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی جێبەجێ ببێت.

2-هەوڵ بدرێت سەرجەم برگەو یاساکان وەك ئەوەی لە پرۆژە یاسای قوتابخانە ناحکومیەکان هاتوە جێ بەجێ بکرێت.
لەسەر لایەنی پەیوەندیدار پیوستە وەک وەزارەتی پەروەردە کە ئاستی پەروەردە و فیرکردنی قوتابخانە حکومییەکان بەرزبکاتەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی ڕوو لە قوتابخانە ناحکومییەکان بکەن و ئەو بارگرانییە ائبوورییە لەسەر شانی خێزان کەم ببێتەوە.

3- هاوسەنگکردنی ئەو خزمەتگوزاری و جالاکییانەی لە خوێندنی حکومیی و ناحکومیدان، بۆ ئەوەی خەڵکی بەپێی ئارەزوو و ویستیان یەکێک لەو جۆرانەی خوێندن بۆ منداڵەکانیان هەڵبژێرن و بۆ ئەوەی دانانی منداڵ لە قوتابخانەی ناحکومیی نەبێت بە کارێکی ناچاری بۆ خێزانەکان.

4-باشترکردنی بینا و باڵەخانەکانی خوێندنی حکومیی تاوەکو خێزان و منداڵەکان ئاسوودە بن و دڵنیابن منداڵەکانیان لەو شدایەگرامدا پارێزراون.

**لیستی سەرچاوەکان**


- حمد، ابراهیم خلیل (1991). حرکة التربیة والتعلیم، موسوعة الموصل الحضریة ج 4 الموصل.

- ئاغۆك، ئاری (2021)، ئینسکلۆپیدیای قوتابخانەکانی هەولێر، چاپخانەی ئاشتی، هەولێر.

-صدیق، سنور صباح(2019)، خوێندنی فەرمی لەشاری هەولێر 1958-1980، تێزی دکتۆرای بڵاو نەکراوە زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی مێژوو، هەولێر.

-پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە 4 وەزارەتی پەروەردە 1992

-پەرلەمانی کوردستان، پرۆژە یاسای قوتابخانە و پەیمانگەی ناحکومیەکان هەرێمی کوردستان ژمارە 14، 2012

-پەروەردەو فێرکردن(2018)، پرۆسەی خوێندنی ئەهلی لەهەرێمی کوردستان، گۆڤاری پەروەردە و فێرکردن ژمارە 8، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

-الدوسری واخرون، عبدالعزیزبن صالح واخرون (2019) العوامل المحفزة لاختیار المدارس الاهلیه م وجهه نضر اولیاء الامور، مجله العربیه للعلوم التربیة والنفسیه عدد 9 السعودیة.

-الریماوي محمد غاندی(2018). اثرعناصر المزح التسویقی علی اختیار اولیاء الامور للمدارس الخاصة، رسالة ماجستیر غیر المنشورة، کلیه دراسات العلیا، جامعه الزرقاء، الاردن

-سعید، فایەق (2020).وەزارەتی پەروەردە لەنێوان بەرزە ویست و پەروەردەی کلاسیکدا لەنێوان 1992-2020، گۆڤاری ئایندەناسی ژمارە 4، سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەیی، سلێمانی.

-عبدالله، چنار سعد(2009). ڕۆڵ و کاریگەی سیستەمی پەروەردە لەسەر ڕەهەندی نەتەوەیی کۆمەڵگەی کوردیدا، تێزی دکتۆرای بڵاو نەکراوە زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات، هەولێر.

-فیرنیه واخرون، جورج واخرون(2016). تحسین جودة التعلیم في منطقة کورستان – العراق، وزارة التربیة، اربیل.

-وەزارتی پەروەردە یاسای قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان، ژمارە163 ساڵی2021.

- Ava M. Davis (2011) . Why Do Parents Choose to Send Their Children To Private Schools . Georgia Southern University .U.S.A.
https://digitalcommons.georgiasouthern.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1382&context=etd

- Dauber ،Jonathan J. (2013). Parental choice of schools and the reasons why ،dissertation for the degree Doctor of education ،The graduate school of education ،The State University of New Jersey.
https://rucore.libraries.rutgers.edu/rutgers-lib/40213/PDF/1/play/

- Private Economic Advantage From - Green, F. Machin, S. Murphy, R. &Yu Zhu (2012) ,The Changing Economics of Education, London School of Economics. School: Centre for the
http://eprints.lse.ac.uk/28288/1/ceedp115.pdf

Hartsell Sr, John Herman(2011) . *Factors affecting private school choice*. The University of Southern Mississippi.
https://aquila.usm.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1756&context=dissertations

- Children: Indicators of Level of Sreekanth, Y. (2010) Parents Involvement in the Education of their Involvement. International Journal about Parents in Education, 5 (1),
https://www.researchgate.net/publication/274065927_Parents_Involvement_in_the_Education_of_their_Children_Indicators_of_Level_of_Involvement

-Yaacob, Noor Alyani, Mariana Mohamed Osman, and Syahirah Bachok(2014) . "Factors influencing parents' decision in choosing private schools." *Procedia-Social and Behavioral Sciences* .
file:///C:/Users/IB_1/Downloads/privateschoolparentaldecisionalyanikotakinabaluconference2014.pdf

## النظام التعليمي وأسباب إرسال الابناء إلى المدارس غير الحكومية
## (دراسة تحليلية)

**پ.ی.د. شهلاء ولي جبار**
قسم الاجتماع،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-أربيل
shahlaa.jabbar@su.edu.krd

**بژار زياد صالح**
قسم الاجتماع،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-أربيل
bzhar.salih@su.edu.krd

**الخلاصة**

يلعب التعليم دورًا مهمًا في التنمية الاجتماعية والاقتصادية لأي مجتمع. أهمية التعليم معترف بها في جميع أنحاء العالم، فهي عملية تجعل الفرد واثقًا بنفسه وواعيًا ونشطًا، وهي عملية تعمل على تحسين قدرات الفرد والاقتصاد، من خلال معرفته ومواهبه. أصبحت المدارس غير الحكومية ظاهرة واضحة في إقليم كوردستان وعددها يتزايد كل عام، وعلى الرغم من أن التعليم العام مجاني، إلا أن الناس يثقون في التعليم غير الحكومي أكثر من التعليم العام. تحاول هذه الدراسة شرح نظام التعليم في إقليم كوردستان وبعض أسباب إرسال الآباء لأبنائهم إلى مؤسسات تعليمية غير حكومية. الأسلوب المستخدم في هذه الدراسة هو تحليل عدد من الإحصاءات والصور المتعلقة بالنظام التعليمي والمدارس الحكومية والأهلية. من بين الأهداف الرئيسية لهذه الدراسة: لقد زاد عدد هذه المدارس بشكل كبير في فترة زمنية قصيرة للغاية. من الأسباب الرئيسية لانتشار هذا الأسلوب في التعليم في المقام الأول هو ضعف نظام التعليم العام وضعف، بحيث لم تتمكن الحكومة من إنشاء نظام تعليم عام جيد منذ ثلاثة عقود، إنه قرار إلزامي والناس إذا كانوا لا يستطيعون تحملها وعليهم دفع ثمنها فقط لإرسال أطفالهم إلى المدارس الخاصة. اعتمدت المدارس غير الحكومية وتقديم الخدمات نهجًا تجاريًا. تتنوع أسباب اختيار مدرسة غير حكومية من وجهة نظر أولياء الأمور، وليست واحدة فقط، بما في ذلك الاجتماعية والاقتصادية والثقافية.

**كلمات الرئيسية:** التعليم ، نظام التعليمي، المدارس الحكومية، المدارس الخاصة.

## The Educational System and The Factors for Sending Children to Non-governmental Schools
## (An analytical study)

**Asse Prof. Dr Shahlaa Wali Jabbar**
Department of Sociology,College of Arts,Salahadin University-Erbil
shahlaa.jabbar@su.edu.krd

**Bzhar Zeyad Salih**
Department of Sociology,College of Arts,Salahadin University-Erbil
bzhar.salih@su.edu.krd

**Abstract**

Education plays an important role in the social and economic development of any society. The importance of education is recognized worldwide, it is a process that makes the individual self-confident, conscious and active, a process that improves the individual's abilities and the economy, through his knowledge and talents.

Non-governmental schools have become an obvious phenomenon in the Kurdistan Region and their number is increasing every year. Although public education is free, people trust non-governmental education more than public education. This study attempts to explain the education system in the Kurdistan Region and some of the reasons why parents send their children to non-governmental education. The method used in this study is the analysis of a number of statistics and images related to the educational system and non-governmental and public schools. Among the main objectives of this study: The number of such schools has increased dramatically in a very short period of time. One of the main reasons for the prevalence of this method of education is primarily due to the poor and weak public education system, so that the government has not been able to establish a good public education system for three decades It is a compulsory decision and people if they cannot afford it and have to pay for it just to send their children to private schools. Non-governmental schools and the provision of services have adopted a commercial approach. The reasons for choosing a non-governmental school from the perspective of parents are varied, not just one, including social, economic and cultural.

**Keywords:** Education, Educational System, Public Schools, Private Schools.